# مافی گەنجە جوولەکەکان لە خۆپیشاندانێکی کوردانداَ نەبوو کە دژی تورکیا بەشدار بن!

ئامادەکردن: بەشیر سەبری بۆتانی
ستۆکهۆلم
www.hunername.com
hunername@hotmail.com

وێنە: سامی




لە ڕۆژی 1 شەممەی 10/28 دا خۆپیشاندانێکی کوردان لە ستۆکهۆلم دژی لەشکەرکێشی تورکیا لە لایەن فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانەوە ئامادە کرا و کوردەکان نەڕازیبوونی خۆیان بەرامبەر سیاسەتی تورکیا پیشاندا. بە لای کەمەوە سێ هەزار کەس بەشداری خۆپێشاندانەکە بوون. ئەو کاتەی کە کوردەکان لە گەڵ بڵندکردنەوەی ئاڵای کوردستان دەنگی خۆیان دژی توند و تیژی و هەڕەشەی تورکیا بۆ تێکدانی ڕەوشی کوردستانی ئازاد بڵند کرد، چەند گەنجێکی جوولەکەی سویدی کە دڵیان بۆ کورد و کوردستان سووتاوە، هاتن و بە ئاڵای ئیسرائیل و کوردستانەوە بەشدار بوون و بە دەنگێکێ بڵند هاواریان دەکرد: بژی کورد و کوردستان، بژی ئاشتی... کەچی بەرپرسیارانی فیدراسیۆنەکە بەشداربوونی ئەو گەنجە جوولەکەکانە قەبووڵی نەکرد، بوو بە قەڵەباڵغی و ئەو گەنجە جوولەکەکانە لە لایەن فیدراسیۆنەکە لە خۆپیشاندانەکە دەرکران. پاشان ئەو گەنجە جوولەکەکانە لە کاری دژی دیمۆکراسی بێزار بوون و بە دڵگرانی گەڕاونەتە ماڵی خۆیان. مەبەستی بەرپرسیارانی فیدەراسیۆن بەو کارە ناشەریفە و بەو کاردانەویەە کە عەرەب و تورك و فارسەکان لە سیاسەتی کوردی دژی ئیسرائیل ڕازی بکەن.


JA,
TILL FRED
NEJ,
TILL KRIG!
Foto Sami